# حەوتەمین کۆنفرانسی ساڵانەی رێکخراوی فنلاندای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

لە رۆژەکانی 15–2005/1/16 دا رێکخراوی فنلاندای حیزب، بە ئامادەبوونی هاوریٚ فارس محمود ئەندامی م.س و لێپرسراوی رێکخراوی دەرەوەی وڵات و بە بەشداری ژمارەیەك لە دوستان و لایەنگرانی حیزب، حەوتەمین کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی لە شاری هلسینکی گرت.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال و دەقیقەیەك راوەستان بۆ رێزلێگرتن لە گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و سۆسیالیزم وە بەتایبەتی هاوریی ئازیزمان منصور حکمت دەستی پیٚکرد. هیئەی سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکە لە لایەن ئامادەبوانەوە هەڵبژێردرا. دواتر ئایینامە و دەستووری باسەکانی کۆنفرانس لەلایەن ئامادەبووانەوە پەسەند کران. باسەکان پیٚك هاتبوون لە: وتاری کردنەوەی کۆنفرانس لەلایەن هاوری فارس محمودەوە پێشکەش کرا، پاشان پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی فنلاندا (SKP) لەلایەن بەڕێز Korttinen Soile وە پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران– حکمتیست لەلایەن هاوریٚ ئیسماعیل وەیسییەوە پێشکەش کران. دواتر باسێك لە لایەن هاوری سامان کریم ئەندامی م.س لە ژێر ناونیشانی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی لە عێراق، راپۆرتی کارو هەڵسوورانی کۆمیتەی دەورەی پێشوو کە لەلایەن هاوری جمال صالحەوە پێش کەش کرا وە لەلایەن ئامادەبوانەوە قسەو باسی لەسەر کرا، لایەنە جۆراوجۆرەکانی راپۆرتەکە شی کرایەوە و خالە بەهێزو لاوازەکانی دیاری کران.



پاشان هاوری فارس محمود ئەولەویەتەکانی کارمان لە دەرەوەی ولاتی خستە روو، وە لەسەر رۆشنایی ئەم باسە کارو ئەولەویەتەکانی سالی ئایندەی کۆمیتە فنلاندا دیاری کران. لە بەشی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا کۆمیتەیەکی 12 کەسی هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لەم هاورێیانە: ئاڵا فرج، جمال صالح، ابرهیم حسین، جمال شریف، سیروان امین، سروه حەوێز، قمری عادل، شیرین حمه علی، ئالان محمد، بنار مستەفا، سروەت حامد و مستەفا باهیر.




شایەنی باسە کۆنفرانسەکە دوو رۆژی خایاند، لە ناو شۆرو شەوقی ئامادەبواندا وە بەسروودی ئەنتەرناسیۆناڵ کۆتایی پێ هات.

لە رۆژی دووهەمدا و دوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە، کۆمیتەی تازە هەڵبژێردراو کۆبونەوەی یەکەمی خۆی گرت وە لەوێ دا هەیئەتێکی تەنفیزی 3 کەسی هەلبژارد کە لە هاورییان جمال صالح، ئالا فرج وە مستەفا باهیر پێك هاتبوون. هەروەها مستەفا باهیر وەك سکرتێری کۆمیتە رێکخراوی فنلاندا هەلبژێردرا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق عێراق**

**کۆمیتەی فنلاندا**

2005/1/17